سەرۆك کۆمار پێشوازی لە ڕۆوەندی عێراقی لە ئوردن دەکات

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید لە شوێنی مانەوەی لە عەممانی پایتەختی ئوردن، پێشوازی کرد لە ژمارەیەك لە ڕێکانی ڕۆوەندی عێراقی لە ئوردن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار ڕایگەیاند:-لە وتەیەکدا لە میانی دیدارەکەدا پێشکێشیکرد، سەرۆك کۆمار ئاماژەی بۆدا، کە سەردانەکەی ئێستای بۆ شانشینی هاشمیی ئوردن لەپێناو پەرەپێدانی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برادایە، هەروەها بۆ فراوانکردنی هاریکارییەکانی نێوان هەرسێ وڵات، عێراق، ئوردن و میسر بۆ تایبەتی لە بوارەکانی وزەی نوێبوون، کە ئێمە پێویستی بە کاری چڕوپڕ هەیە لەو کۆبونەوەیەی ئومەد دەکرێت بەمزوانە ببەسترێت و وەزیران و تەکنیکارانی تایبەتمەند لە هەرسێ وڵات بەشداری تێدا دەکەن.

سەرۆك کۆمار جەختیکردەوە، عیراق بە پێرەشە بە درێژدان بە هاریکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ براکانی لە پرسەکانی بەرژەوەندی هاوبەش و گێشتن بە لەکتگێیشتن، کە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بەرقەرار بکات.

سەبارەت بە پرسی فەلەستین، سەرۆك کۆمار پشتیوانی حکومەتی عێراق و خەڵکەکەی بە گەلی فەلەستین دوپاتکردەوە و جەختی لەسەر پێویستی راگرتنی دەستدرێژییەکان بەسەر کەرتی غەزە کردەوە، کە کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبووە.
هەروەها ئاماژەی بە گرنگی یەکخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کرد بۆ گێشتن بەچارەسەرێکی هەمەلایەنە بۆ پرسی فەلەستین، کە داواکارییەکانی گەلی فەلەستین بدیبهێنێت بۆ گێشتن بە مافە تەواوەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان لەسەر خاکی نیشتمانەکەیان.

سەرۆك کۆمار تیشکی خستەسەر ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەی عێراق لەئێستادا بەخێوەودەبینێت و کاریگەری ئەرێنی داناوە لەسەر پێوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ کۆی وڵاتانی جیهان، هەروەها پێداگری حکومەت لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامە خزمەتگوزارییەکەی و درێژدان بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا رونکردەوە، داواشی لەکردن لەگەڵی ئەزمون و تواناکانیانەوە بەشداری بکەن لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و بونیادنانی عێراق و گەشەپێدانی.

سەرۆك کۆمار رایگەیاند، لە میانی گفتوگۆکاندا لەگەڵ خاوەنشکۆ شا عەبدوڵڵای دووەم، بارودۆخی ڕۆژهەندی عێراقی تاووتوێ کردەوە. ئاماژەی بۆشکرد، گرنگیدان بە بەرژەوەندییەکانیان و پشکشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە عێراقییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکان و تێنانت لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەرکایەتی کۆمار و حکومەتی عێراق.
لای خۆیانەوە ڕەخنەکانی ڕۆژهەندی عیراقی لە ئوردن سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرۆك کۆمار دەربڕی بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە، جەختیان لەوشکردەوە، کە ئەم پێوەندی و دیدارانە لەگەڵ ڕەخنەکانی ڕۆژهەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات و گرنگیپێدانیان، ئاسانکاری دەکات بۆیان لە لابردنی ئەو ئاستەنگ و ڕێگریانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە لە ماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وڵات.